Yeketîya Netewîya Demukrata Kurdistan YNDK

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
سکرتێری گشتی

الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني
السكرتير العام

Democratic National Union of Kurdistan

ژمارە / ١
رۆژ : ٢٠ / ١ / ٢٠١٨

# بۆ رای گشتیی
# ناکرێ عفرین ببێتە گۆڕستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش سەیرکەر بێت

**- جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان ...**
**- کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...**

هەڕەشەو هێرشی رژێمی تورکیا بۆ سەر عفرین و رۆژئاوای کوردستان، وایکردووە رۆژئاوای کوردستان بکەوێتە رەوشێکی زۆر دژوار، بەتایبەت ئەوەی ئێستا کەوا بەرامبەر کانتۆنی عفرین دەگوزەرێ لە جینۆسایدێکی دیکە نزیکدەبێتەوە، بۆیە ناکرێ لە ئاست ئەو کارەساتە چاوەڕوانکراوەدا بێدەنگ بین، ئەو هێرش و موشەکبارانکردنە دڕندانەیەی کەوا لەلایەن تورکیاوە دەکرێتە سەر عفرین پیلانێکی داڕێژراوەو درێژکراوەی ئەو پیلانەیە کەوا بەرامبەر باشووری کوردستان ئەنجامدرا، ئێمە لە کاتێکدا ئەو هەڕەشەو هێرشانە بەتوندی ئیدانە و شەرمەزار دەکەین، بە هەموو لایەکیشی رادەگەیەنین کەوا ماوەیەکە داگیرکەرانی کوردستان پیلان دادەرێژن بۆ لێدانی سەرجەم بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە تەواوی بەشەکانی کوردستاندا، ئامانجی سوپای عێراقیش لە گەیشتن بە خاڵە سنوورییەکان بۆ لێکدابڕینی بەشەکانی کوردستانە لەگەڵ یەکدی، لەبەرئەوەی ئەگەر عێراق گەیشتە دەروازەی (فیشخابوور) ئەوا باشووری کوردستان لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان لێکدادەبڕێت و هێڵی هاوکاری رۆژئاوا لەگەڵ باشوور ناهێڵێت، لەهەمان کاتدا ئەگەر گەیشتە دەروازەی (ئیبراهیم خەلیل) باکوور لە باشوور دادەبڕێت، بەهەمان شێوە گەیشتنی عێراق بە دەروازەی (حاجی ئۆمەران) باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان لێکدادەبڕێت، ئەم پیلانەی عێراق وا دەکات هەموو بەشەکانی کوردستان لەیەکدی دابیبڕێت، ئەمەش پیلانی سێقۆڵی عێراق و تورکیا و ئێرانە، جێگەی داخە کەوا داگیرکەرانی کوردستان بۆ لێدانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان سەرەڕای جیاوازییەکان یەکدەگرن، بەڵام لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەکگرتوو نین بەرامبەر ئەو مەترسییانە.

**- حزب و لایەنە سیاسییە وڵاتپارێزەکانی کوردستان ...**
**- رێکخراوو سازییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ...**

بێگومان دڵنیاین کەوا لە بەرامبەر ئەو هێرشە وەحشیگەرانەیەدا شەرڤانانی YPG و YPJ بەرخودانێکی بێوێنە دەنوێنن و بەرەڤانی لە عفرین دەکەن و وەک بەڵێنیانداوە تا دواهەناسە بەرەڤانی دەکەن، بەڵام ئەو رەوشەی کەوا رووبەڕووی عفرین بۆتەوە لەهەموو لایەکمان دەخوازێت بێدەنگ

نەمێنین و هەموو هەولێکمان بخەینە گەڕ و هەموو رێگایەك بگرینەبەر و فشاری مەدەنییانە دروست بکەین بۆئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهانای خەڵکی ( عفرین )ەوە بێن و لەو مەرگەساتە چاوەڕوانکراوەدا رزگاریان بکەن.

لێرەوە بانگ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و تەواوی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەین کەوا بە هانای خەڵکی (عفرین)ەوە بێن و بێدەنگ نەمێنن، ناکرێ لەوێ شارێك ببێتە گۆڕستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش سەیرکەر بێت، بێدەنگبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان UN و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر هەڕەشەو هێرشەکانی سەر گەلی کوردستان پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و تەواوی پرەنسیپ و بەها دیموکراتییەکان دەخاتە ژێر پرسیارو پوچیان دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی رێز لە مرۆڤ دەگرێت پێویستە مرۆڤی کوردستان لەو هەڕەشەو هێرش و مەترسییانە بپارێزێت کەوا رووبەڕوویان بۆتەوە.

- **سەرکەوێ ئیرادەی هەقخوازانەی گەلی کوردستان.**
- **نەمری و سەربەرزی بۆ تەواوی شەهیدانی رێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان.**
- **مردن و رووڕەشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان.**

غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتیی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
٢٠ / ١ / ٢٠١٨



Korek: 07504450922 _ Asia: 07704450922
E-mail: mmexmuri@gmail.com
کۆرەك/ ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤٥٠٩٢٢
ئاسیا/ ٠٠٩٦٤٧٧٠٤٤٥٠٩٢٢